

# گرنگیدان بە پەروەردەی مێینە لە بواری کشتوکاڵ بە پێویست دەزاندرێ







**بەپێی دواییین سەرژمێریی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نەختینەی دراوی نێودەوڵەتی لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوودا، ئافرەتان نزیکەی (٦٨٪)ی کاری کشتوکاڵ پێکدەهێنن، هەر لەو بوارەشدا ڕۆڵی کاریگەریان لە ئابووریی وڵاتەکەیاندا هەبووە، ئەو ناوچانەش کە بەسەرکەوتوویی لە کەرتی پەروەردەیی بۆشایی ڕەگەزییان نەهێشتووە، لە وەدیهێنانی بەرزترین ئاستەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بوون. بەسەرنجدان لەوەی کە لە گوند و ناوچە دوورەدەستەکانی هەرێمی کوردستان پیاوان زیاتر روویان لە دامەزراندن و مووچەخۆری کردووە، ئایا تەرخانکردنی زەوی بۆ ئافرەتانی ئەو دەڤەرانە و پەروەردەی ڕەگەزی مێ لە بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و دابینکردنی ئامێرەکانی پێشکەوتووی کشتوکاڵ تاچەند ئەو ئافرەتانە دەکاتە خاوەن داهات و تا چەند مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی دەبێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر ئاماری ساڵانی رابردووی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی بڵاوکردەوە، کە تێیدا جەخت لەوە دەکاتەوە لە ساڵی ٢٠١٤ زیاتر گرنگی بە وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵ و گەشتیاری دەدەن.
نەورۆز مەولود بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی شاری هەولێر رایگەیاند، لە حەوت ساڵی رابردوودا ئاماری وەبەرهێنان لەشاری هەولێردا زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار بووە، ئاشکراشیکرد ساڵی ٢٠١٤ زیاتر گرنگی بە پڕۆژە کشتوکاڵی و گەشتیارییەکان دەدرێت. بەڵام ئایا پەروەردەی ڕەگەزی مێ لە بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و دابینکردنی ئامێرەکانی پێشکەوتووی کشتوکاڵ بایەخی پێدراوە؟

**ئافرەتان زیاتر بایەخ بە چاندنی بەروبوومی جیاواز دەدەن**

بێگومان پەروەردەی ئافرەت و ڕاهێنانی بۆ کار لە بواری کشتوکاڵ لە بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ڕۆڵی کاریگەری هەیە. توێژینەوەکانی «بانکی جیهانی» ئاماژە بەوە دەکەن، لەو ناوچانەدا کە ئافرەتان ئاستی خوێندەوارییان نزمە، بە باشی دەزانن بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کەرتی کشتوکاڵ سوود لە تواناکانیان وەربگرن. لە هەرێمی کوردستانیش لەبەر ئەوەی پیاوان زیاتر روویانکردووەتە گەڕان بەدوای ئیش و کاری دوور لە کێڵگەکان و زیاتر هەوڵی دامەزراندنیان داوە، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن مووچە، ئافرەتان زیاتر بوونەتە لێپرساو لە بەڕێوەبردنی زەوی. لەبەرئەوەی ئافرەتان لە هاوسەرەکانیان زیاتر بایەخ دەدەن بە چاندنی بەروبوومی جیاواز و جۆراوجۆر، بۆیە ئافرەتان ناتوانن پشت بە پیاوان ببەستن بۆ راهێنان و وەدەستهێنانی زانیاری لەوبارەیەوە. لەگەڵ دواکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی و پاشەکشەی ڕێژەی داهاتەکاندا، شۆڕشی داهاتوو لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەڕێگەی پێشکەوتنی پەروەردەی ئافرەتان ئەنجام دەدرێت. ئەویش شتێکی کتوپڕ نییە و لە نیوەی سەدەی رابردوودا ئەو ناوچانەی کە بەسەرکەوتوویی لە کەرتی پەروەردەیی بۆشایی ڕەگەزییان نەهێشتووە، لە وەدیهێنانی بەرزترین ئاستەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بوون، بەپێچەوانەوە ئەو ناوچانەی لەڕووی وەبەرهێنان لە پەروەردەی کچان دواکەوتوون، خاوەنی پەرەپێدانێکی دواکەوتوون.

فوتۆ: کەماڵ عەلی خەیات

لە ئێســـتادا ئاستی نەخوێندەواری لەنێو رەگەزی مێدا زۆر بەرزە، بۆ نموونە لە باشـــووری ئاسیا بەرێژەی (٥٥٪)ـە و لە جیهانی عەرەبی (٥١٪)ـە. کە دەکرێ ئەو بۆشاییە لەرێگەی پەروەردەی ئافرەتان بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی پڕ بکرێتەوە.

### ئافرەتی کورد لەمێژە لە ناوچە گوندنشینەکان خەریکی کشتوکاڵە

پارێزەر زانا رۆستایی - ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە ســـەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ئافرەتی کورد هەر لە مێژە لە ناوچە گوندنشـــینەکان خەریکی کشتوکاڵە و شارەزاییەکی باشیشـــی لەو بارەیەوە بەدەســـت هێناوە، بەتایبەتی سەلیقەی لەگەڵ گوڵ و رووەکی جوانکاری زۆرەو، دەکرێ چەندین پرۆژەی رووەکی و گوڵ و نەمام و قارچک و شتی لەو بابەتانە بە شێوەیەکی زانستی و هاوچـــەرخ بـــۆ خانمان تەرخان بکرێت»، هـــاوکات دەڵێت: «گەر حکومەت بەشێوەیەکی تایبەتی پشتگیری ئەو پرۆژانە بکات، ئەوە دەبێتە هۆی بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و یارمەتیدانی مێینە بۆ جۆریک لە سەربەخۆیی دارایی. سەبارەت بە لادێکانی کوردستانیش بەخێوکردنی پەلەوەر و سەرپەرشتیکردنی باخ و رەز لەلایەن ئافرەتانەوە کارێکـــی گونجاوەو ئەو کەلێنە پڕدەکاتـــەوە لە ژیانی ئافرەتان کە بەهۆی تەواونەکردنی پرۆســـەی خوێندن تووشـــیان بووە، بەتایبەتی ژنانی بێ هاوسەر و گەورەکچان دەتوانن ببنە سوودمەندی سەرەکی لەم کارە، بەم پرۆژانەش لە کوردستان دەتوانین داهاتی تاکی مێینە بەرز بکەینەوەو ســـەربەخۆیی ئابوورییان بـــۆ دابین بکەین و کەرتی کشتوکاڵیش تەکانێک بەرەو پێشەوە دەچێت».

### ئافرەت لەڕووی بایۆلۆژییەوە زیاتر حەزی لە پیشەیەکە کە خۆی سەرپەرشتی بکات

هێرش عەزیز قوتابی ماســـتەر لە بواری پەرەپێدانی کشـــتوکاڵی لە زانکۆی مەنسوورە لە وڵاتی میسر، ئاماژە بەوە دەکات کە بەشێکی زۆر لـــە جووتیارانی جیهان ئافرەتن، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە لە وڵاتـــی مالیزیا رێژەی جووتیارانی ئافـــرەت بۆ (٧٨٪) بەرزبۆتەوە، هەروەها لە نیپاڵ ســـاڵی (٢٠١٠) رێـــژەی ئافرەتانی جووتیار بۆ (٨٩٪) بەرز بۆتەوە، لەبەرامبەردا ئەم رێژەیە لە ئەســـیۆپیا لەوەرزی هاویندا کە وەرزێکە کشتوکاڵی زۆری تێدا دەکرێت، دەگاتە نزیکەی (٨١٪) کە ئەم رێژانـــەش هەمووی رێژەی بەرزن .هەروەها لەکۆی ســـەرجەم جووتیارانی ئەفغانســـتان نزیکەی (٧٨٪)یان ئافرەتن، ئەم رێژانە بەردەوام لە هەموو وڵاتە کشتوکاڵییەکاندا کاریگەریی زۆریان لەســـەر ژیانیان هەیە، بۆ نموونە ساڵانی (١٩٧٤ـ ١٩٩٤) لە میسر رێژەی ئافرەتانی جووتیار بەرزبوونەوەیەکی زۆر بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەســـاڵی ١٩٧٤ لەکۆی جوتیارانی میسر (٥٣٪)یان ئافرەت بوون، بەڵام ئەم رێژەیە لە ساڵی (١٩٩٤) گەیشتە نزیکەی (٧٩٪)، چونکە بەشـــێکی زۆر لـــە پیاوانی جووتیار روویـــان لە کارکردن لە شـــارەکانی وڵاتی خۆیان و دواتـــر وڵاتانی کەنـــداو کرد، بەهۆی ئەمەشەوە کشتوکاڵی گوند کەوتە دەستی ئافرەتانەوە .

هێرش وەك پســـپۆڕێکی بواری کشـــتوکاڵ جەختی لـــەوە کردەوە کە ئەگەر ئافرەتان گرنگییان پێدرێت، دەتوانن ببنە کۆڵەکەیەکی گرنگی پێشـــکەوتنی ئابووری، گوتیشـــی: «ئافرەت لەڕووی بایۆلۆژییەوە زیاتر حەزی لە پیشـــەیەکە کە خۆی سەرپەرشـــتی بکات، ئەمەش وایکردووە کە بەشـــێکی زۆری ئافرەتانی جووتیار بتوانن پێگەیەکی گرنگیـــان لە ئابووری خێزان و وڵاتەکەشـــیاندا هەبێت، بۆ نموونە لە وڵاتێکـــی وەك ڤەنزویلا حکومەت ســـندووقێکی تایبەت بە قەزری بـــۆ هەموو ئەو ئافرەتانە داناوە کە کشـــتوکاڵ دەکـــەن، ئەم پرۆژەیە لە ســـەردەمی سەرۆکی پێشـــووی ئەو وڵاتە (هۆگۆ شافێز)دا زۆر



گرنگی پێدرا، ئەگەر ئافرەتێك کشوکاڵی بکردایە، زەوییەکی پێدەدرا هەتا ماوەی پێنج ساڵیش حکومەت بەشێوەی قیست قەرزێکی دەدایە بۆ ئەوەی بتوانێت پرۆژەیەکی کشـــتوکاڵی لەسەر بنیات بنێت، دواتر لەماوەی بیست ساڵدا ئەو قەرزەی دەداوە، ئەوەش وایکرد بەشێکی زۆر لەئافرەتان بتوانن ســـوود لەو قەرزانە وەربگرن، ئەمە بێجگە لەوەی لە وڵاتێکی وەك کۆبا بەهەمان شێوە قەزری کشتوکاڵی هەیە بۆ ئافرەتان و گرنگیی زۆر بەو ئافرەتانە دەدرێت کە کشـــتوکاڵ دەکەن، بەجۆرێك حکومەت نیوەی تێچووی ئەو زەوییە کشـــتوکاڵییە بۆ ئافرەت دابین دەکات، ئەمـــەش بۆتە هۆی ئەوەی ئافرەتـــان بەگرنگییەوە روو لەو کەرتە بکەن .

هێرش رەخنە لە حکومەتی هەرێـــم دەگرێت و ڕایوایە «حکومەتی هەرێمی کوردســـتان زۆر بە کەمتەرخەمی لەکەرتی کشتوکاڵ کاری کردووە، ئافرەتانی جووتیاریش لە هەموو مافەکانیان بێبەش کراون»، گوتیشی: «هەمیشە باســـی ئەوە دەکرێت کە گرنگی بەتواناکانی ئافرەتان دەدرێـــت، زۆرترین رێژەی ئافرەتان لەپۆســـتە باڵاکاندان و تەنانـــەت وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتیـــش ئافرەت بوو، بەڵام رووپێوێك بۆ ئافرەتانی جووتیار نەکراوە، زۆر پێویست بوو کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کاری لەســـەر پێشخســـتنی تواناکانی ئافرەتانی جووتیار بکردایە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێســـتا هیچ باسی ئەو بابەتە نەکراوە، تا ئێســـتاش ئامارێکمان لەبەر دەستدا نییە هەتا بتوانین بە وردی قسە لەسەر بابەتەکە بکەین».

### گەشەی مرۆڤایەتی بەکشتوکاڵ دەستی پێکردووە

بۆ هەمان پرس مایکی گوڵانمان خستە بەردەم ئەندازیاری کشتوکاڵ عەبدوڵلا ئەحمەد، ئەویش پێیوابوو کە کشـــتوکاڵ کۆڵەکەی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و گوتی: «گەشەی مرۆڤایەتی بەکشتوکاڵ دەســـتی پێکردووە، کشـــتوکاڵ وای لە مرۆڤ کرد کە بتوانێت نیشـــتەجێ بێـــت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشـــانەی ئەوەیە زۆرترین شارســـتانییەتەکان بەرهەمی کشـــتوکاڵن» ئەوەشی دووپات کردەوە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا گرنگی بەکەرتی کشـــتوکاڵ دەدرێـــت و وڵاتانی وەك ڤەنزویلا، بەڕازیل، ئەرجەنتین، کۆبا، جەزائیر و کۆریـــای باکووریش گرنگیی زۆریان بـــە ئافرەتانی جووتیار داوە، بەڵام بەداخەوە «لەکوردســـتاندا ئەم بابەتە پشـــتگوێ خراوە و کەس گرنگی پێنەداوە».

ئەو ئەندازیـــارە لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا هێمـــای بۆ ئەوە کرد کە زۆربەی ئافرەتانی گوندنشین خەریکی کشتوکاڵن، بەڵام هەتا ئێستا

بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی شاری هەولێر:

**لە ساڵی ٢٠١٤ زیاتر گرنگی بە پرۆژە کشتوکاڵی و گەشتیارییەکان دەدرێت**

پارێزەر زانا رۆستایی:

**دەکرێ چەندین پرۆژەی رووەکی و گوڵ و نەمام و قارچک و شتی لەو بابەتانە بە شێوەیەکی زانستی و هاوچەرخ بۆ خانمان تەرخان بکرێت**

فێنك شەفیق حاجی مەلا:

**پێویستە بە هەموو شێوەیەک هانی ژن بدرێت بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن داهات و ئابووریی سەربەخۆ، بەتایبەتی لە کارێک کە لەڕووی بایۆلۆژییەوە بارگرانی بۆ دروست نەکات**



نازانرێت ڕێژەیان چەندە، گوتیشی: «لەهەرێمی کوردستان زۆرترین ڕێژەی ئافرەتانی جووتیار بەدەست نەبوونی هاوکارییەوە دەناڵێنن، پێویستە سیستەمی قەرزی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا بەگەڕ بخرێت و هەموو ئافرەتێکی جووتیار بودجەیەکی بۆ دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت کشتوکاڵ بکات. لەڕوویەکی ترەوە کشتوکاڵ پێویستی بە قەرزێکی درێژخایەن هەیەو بە پارەیەکی کەم ناکرێت، ناشتوانرێت پارەکەی لە ماوەیەکی کەمدا بدرێتەوە، بەڵام لە بری ئەوەی بایەخ بەو شتانە بدرێ، بەداخەوە زەوییە کشتوکاڵییەکان هەمووی کران بە باڵاخانە و شوێنی نیشتەجێبوون».

**کەرتی کشتوکاڵ بوارێکی بەرفراوانە و ئافرەت دەتوانێ کاری تێدا بکات**

چالاکی سیاسی فێنك شەفیق حاجی مەلا، لە دەستپێکی قسەکانیدا پشتیوانیی خۆی بۆ پڕۆژەی کاراکردنی ئافرەتانی جووتیار دەردەبڕێت و دەڵێت: «من بە تەواوی لەگەڵ ئەوەم کە پێویستە بە هەموو شێوەیەك هانی ژن بدرێت بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن داهات و ئابووریی سەربەخۆ، بەتایبەتی لە کارێك کە لەڕووی بایۆلۆژییەوە بارگرانی بۆ دروست نەکات، کەرتی کشتوکاڵیش بوارێکی بەرفراوانە و ژن دەتوانێ ئیشی تێدا بکات، وەك خانووی پلاستیکی، بەخێوکردنی ماڵات و پەلەوەر، کاری نەمامگە و گوڵ، هەڵگرتنی بەروبوومی وشککراوە و.. هتد، بەڵام پێویستە پێش دەست بەکار بوونیان، زانیاریی تەواویان پێبدرێت و لەو بوارەدا ڕاهێنانی تەواویان بۆ بکەن و حکومەتیش بە قەرزی درێژماوە ئاسانکاری زیاتریان بۆ بکات، بۆ ئەوەی ژنانیش بە تایبەتی ئەوانەی خوێندەوارییان نییە، توانای خۆیان لەو بوارانەدا بەکار بهێنن، بێ گومان بوونی داهات بۆ ژن دەسەڵات و هێزە و پایەی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات، خۆ ئەگەر خوێندەواریش بن، ئەوا باشتر دەتوانن کاری خۆیان بکەن، بیرمان نەچێت لە دوای پرۆسەی ئەنفال ژنان و کچانی کورد بوون بە دابینکاری بژێوی خێزانەکانیان، کە زۆربەیان لە سەر زەویی خۆیان و خەڵکی تر کاری کشتوکاڵیشیان کردووە، هەروەها تا ئێستاش ژنانی کورد لە گوندەکان شان بەشانی پیاوان لە کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵدا بەشدارن، بەشداریی ژنانیش لە کەرتی کشتوکاڵدا بە یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەژمێردرێت.

ئابووریناس ئومێد حەمە کەریم سەبارەت بەهەمان پرس ئەوەی بۆ گولان خستەڕوو کە کشتوکاڵ بەهێزترین و پتەوترین کۆڵەکەی ئابوورییەو تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە برسێتی و هەژاری بپارێزێت.

گوتیشی: «ئافرەتان زۆرترین ڕێژەی جوتیاران لەجیهاندا پێکدەهێنن، لەبەر ئەوەی ئافرەت خۆی حەزی لە کشتوکاڵە و بەشێکی زۆریش لەئافرەتانی گوندنشین بەکشتوکاڵەوە خەریکن» .

ئەو ئابووریناسە ڕایوایە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی گرنگی لە بواری ئافرەتانی جووتیار هەبێت، زۆرترین سوودی دەبێت، ئاماژەی بەوەش کرد کە لەهەرێمی کوردستاندا زۆرترین ڕێژەی ئافرەتی کورد بەتایبەتی لە گوندەکان نەخوێندەوارن، یان ئاستی خوێندەوارییان زۆر کەمە، بۆیە ئەگەر حکومەت بەرنامەی هەبێت و گرنگی بە پەروەردەی ئافرەتان لە بواری بەرهەمەکانی کشتوکاڵ بدات، ئابووری و کشتوکاڵی کوردستان زیاتر دەبووژێتەوە. هەروەها پێداگریی لە سەر پێویستیی پێدانی قەرزی درێژخایەن بە جووتیاران کرد و گوتیشی: «ئافرەتانی ناو شاریش کە نەخوێندەوارن، یان ئاستی خوێندنیان کەمە، پێوستە هان بدرێن بۆ ئەوەی کشتوکاڵ بکەن، بەتایبەتی لە بواری بەرەوپێش چوونی پشتێنەی سەوز کە بەشێك لەو پشتێنە بکرێتە نەمامگە و بدرێت بە ئافرەتان، چونکە ئافرەت زۆرتر ئارەزوویان لە جوانکردنی گوڵ و گوڵزار هەیە».

**دەکرێ سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دی ببینین**

نووسەر و ڕۆشنبیری دوورە وڵات ئەحمەدی مەلا، وروژاندنی بابەتی وا لە کوردستان بە «مایەی شانازی» دەزانێت و پێشنیار دەکات بە جددی لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ بکرێت. هەروەها پێشنیار دەکات، چەندین پرسیار لە لایەن شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی سەرنج و را و تێبینی و پێشنیاری ورد و بابەتییانەی لەسەر دروست بێت و بە هەند وەربگیرێت. هەروەها دەڵێت: «هەموو وڵاتێک خاوەن کەلتوور و داب و نەریتی خۆیەتی، زەحمەتە وڵاتێکی دیکە بکەینە نموونە، بەڵام دەکرێ سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دی ببینین، دەبێ سەرەتا زەمینەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەی خۆمان بە تەواوی بناسین بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکە بە شێوەیەکی پوخت بگاتە ئەنجامێک کە سوودی بە هەموو لایەک هەبێت».

**پێویستە لە پێدانی قەرزی کشتوکاڵ جیاوازی ڕەگەزی نەکرێت**

ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت شلێر باپیری، پێش ئەوەی باسی ڕووی ئەرێنی دابینکردنی زەوی کشتوکاڵ بۆ ئافرەتان بکات، بە پێویستی دەزانێت ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوەو بە هەڵسانگاندنی لەگەڵ ئەمڕۆ بزانین ئافرەتان تا چەند کاریگەرییان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەبووە. کە بێ گومان تا هەنووکەش ئافرەتانی لادێ لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە پیاوان ماندووترن. گوتیشی: «بەداخەوە تا ئێستا هەر کارێکی ژن کە لە بواری کشتوکاڵی کراوە، وەکو کاری خۆی و داهاتی خۆی بۆی ئەژمار نەکراوەو وەک ئەرکێک بەسەریدا سەپێندراوە، کە دەبێ هاوکاری باوانی یان هاوسەرکەی بکات، بەڵام بەگشتی پێویستە زەمینەیەک پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی دابینکردنی زەوی کشتوکاڵ بۆ ژنان زیانی لە قازانجەکەی زیاتر نەبێت. هەر وەک دەزانین کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە و ژنان لە زۆربەی مافەکان بێبەشن و زۆرترین پێداویستی و کارەکانیان بە پیاوانەوە بەستراوەتەوە. بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا بە ئەنجامدانی وەها پڕۆژەیەک تا چەند پیاوان ڕێگە بە ژنان دەدەن ئازادانە مامەڵە بە بەرهەمی زەوییەکانیان بکەن، نەک ماندووبوونی بۆ ژنان و قازانجی بۆ پیاوەکانیان بێت، هەروەها ئایا لایەنی پەیوەندیدار دەتوانێت ئەوە قبوڵ بکات کە قەرزی کشتوکاڵی بە هەمان شێوەی پیاوان بە ژنانیش بدات؟ کەواتە لە هەر دۆخێکدا ئامادەکاری پێویستە بۆ ئەوەی لە کارێکی وادا قۆناخێکی نوێ لە بەرهەمی کشتوکاڵی دەستپێبکات».

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئەندازیار عەبدوڵڵا ئەحمەد:

**لە بری ئەوەی بایەخی زیاتر بە کشتوکاڵ بدرێ، زەوییە کشتوکاڵییەکان کران بە باڵاخانە و شوێنی نیشتەجێبوون**

هێرش عەزیز:

**حکومەت زۆر بە کەمتەرخەمی لەکەرتی کشتوکاڵ کاری کردووە، ئافرەتانی جووتیاریش لە هەموو مافەکانیان بێ بەش کراون**

شلێر باپیری:

**تا ئێستا هەر کارێکی ژن کە لە بواری کشتوکاڵی کراوە، وەکو کاری خۆی و داهاتی خۆی بۆ ئەژمار نەکراوەو وەک ئەرکێک بەسەریدا سەپێندراوە کە دەبێ هاوکاری باوانی یان هاوسەرەکەی بکات**


# ئەقلییەتی نەریتسالاری ناتوانێت سەقامگیری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دابین بکات

**هەمـــوو کۆمەڵگەیەکـــی پیاوســـالاری بـــە عەقڵییەتی نەریتســـالاری بەرامبەر بـــە ڕەگەزی مێینـــە تۆمەتبار دەکرێ، لە ئێستاشـــدا چالاکانی بـــواری مافی مرۆڤ پێداگری لەســـەر ئەوە دەکەن، کە ئەو ئەقڵییەتە نەریتیەی کە لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت، نەك توانای هیچ ریفۆرمێکی لە رەوتی کۆمەڵایەتیدا نییە کە لە بەرژەوەندیی خانمـــان بێـــت، بەڵکو کۆمەڵگـــە بەرەو خاڵی ســـفر دەباتەوە. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئـــەم ڕاپۆرتە ڕا و ســـەرنجی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.**

زانا تۆفیق بابـــان ئەندامی مەکتەبـــی پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی زۆر کارا و بەهێزیان لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی مۆدێرندا هەیە، هاوکات دەڵێت: ئەو کۆمەڵگەیانەی بنەماکانی تیۆری دیموکراســـیان تێیدا جێگیرە و ئافرەتان ڕۆڵیان لە گشت کایەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی لە بوارەکانی پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیا و دروستکردنی هوشیاری تاکدا هەیە، کۆمەڵگەیەکی تەندروســـت و دادپەروەرن کە تێیدا ئافرەت و پیاو وەکو دوو ڕەگەزی جیاواز، بەڵام یەکسان ڕۆڵ دەبینن.

**سیمای گەشی هەر کۆمەڵگەیەك پابەندە بە ئازادی ئافرەتەوە**

زانا تۆفیق لە درێژەی قسەکانیدا دووپاتیکردەوە کە «هەر کۆمەڵگەیەك ئەگەر بیەوێت جۆرێك لە ســـەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاســـی و کەلتووری بۆ نەوەی نوێ دروستبکات، دەبێت جیاوازییەکانی نێوان ئافـــرەت و پیاو لە گشـــت کایەکانی کۆمەڵدا بســـڕێتەوە، تا بتوانێت بە هێزی هەردوو ڕەگەز خۆشگوزەرانی بۆ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بخوڵقێنێت». گوتیشی: «پێویســـتە ئافرەت وەکو ئەندامێکی کاریگەر و ئەکتیڤ لە کایەی سیاســـیدا شان بەشانی پیـــاو ڕۆڵ و دەرفەتـــی گرنگیان پێ



گوڵان: کۆمەڵایەتی

بدرێت، بەتایبەتی لە سەرکردایەتی کردنی فۆڕمی سیاسیی حکومەت و وەزارەتەکانی دەســـەڵاتی تەشریعی و جێبەجێکردن و دادوەریدا، پاشان بەپێی یاســـا جۆرێك لە زەمانەتی یاسایی بۆ ماف و داواکارییەکانیان دابین بکرێت، بۆیە بەگشتی سیمای گەشی هەر کۆمەڵگەیەك پابەندە بە ئازادیـــی ئافرەت لە هەموو ڕووکارەکانی ژیانـــدا و بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشـــکەوتووش پێویســـتە هۆکارەکانی چەوســـانەوەی ڕەگەزی و جیاکاری و نایەکسانی بسڕدرێنەوە«.

ئەو کادیرە سیاســـییە رایوایە «ئافرەت خاوەنی چەندین سیفەتی جوان و بیـــری پڕ لە ئەندازەیە، بەڵام هەمیشـــە لەلایەن پیاوانەوە تەنیا ڕووە ناشیرینەکەی پیشاندراوە، کە زۆر جار هەر خۆیان هۆکاری ئەوە بوون، بۆیە بەردەوام گوێمان لەوە بووە کە ئافرەت خۆی دەسووتێنێت، یان خۆی دەکوژێت، ئیتر باس لەوە ناکەن کە ئافرەت لە مامەڵەکردندا زۆر نەرمە و بڕیارەکانی لەســـەرخۆیە، یان باسی ئەوە ناکرێت کە ئافرەت لەڕووی کارگێڕییەوە لە پیاو سەرکەوتووترە».

**نەریتی پیاوسالاری دوژمنی دیموکراتییە**

ئامینە زکری پەرلەمانتاری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردســـتان، ســـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێ گومان ئەو کۆمەڵگەیانەی کە هەتا ئێســـتا خاوەنی عەقڵییەتێکی پیاوسالارین زۆر ئەســـتەم دەتوانن لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە مامەڵەی گونجاو لەگەڵ دەوروبەریاندا بکەن، زۆر بەئەستەمیش دەتوانن ڕای بەرامبەریان و تەنانەت ناو خودی خۆشیان قبوڵ بکەن، ئەمەش گرفتی ســـەرجەم کۆمەڵگە پیاوسالارییەکانی جیهانە، بەشـــێوەیەکی گشتی زۆر ئەستەمە لە کۆمەڵگەی پیاوســـالاریدا کەلتووری دیموکراتی بەرهەم بێت، چونکە دیموکراتییەت پێویســـتی بـــە کۆمەڵگەیەك هەیە کە بەشـــێوەیەکی ساخلەم بەرەو پێش بڕوات و هەموو تاکەکان وەك یەك مافی دەربڕینی بیـــر و بڕوا و ســـەرنجی خۆیان هەبێت، دیموکراســـییەتیش تەنیا لەو کۆمەڵگەیانە بەرهەم دێت کە کۆمەڵگەی یەکســـانن و ژیانیان لەسەر بنەمایەکی هاوبەشە، بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەی کە جیاوازی ڕەگەزی هەیە، ئەوا بێگومان عەقلییەتێکی دژ بە دیموکراتی دروســـت دەبێت، چونکە بەشێکی سەرەکی و گرنگی کۆمەڵگە وەلاوە دەنێت».

تریفە عەزیز چالاکی بواری ئافرەتان و دانیشـــتووی وڵاتی ئەڵمانیا، ئەوەی بۆ گوڵان شـــیکردەوە کە «کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی سیســـتەمێکی کەلتووری ســـتەمکاری هەیە و جیهانبینییەکی پڕ لە ئاڵـــۆزی ئایینی و تائیفییە، کە وایکردووە ژنان چەوســـێنراوە و کۆیلە بن». هـــاوکات گوتی: «هەرچەندە سیســـتەمی ســـەرمایەداری و جیاوازیی چینایەتی هۆکاریکی ترن بۆ دروســـتکردنی لاســـەنگی و نایەکســـانی لە ماف و دەســـەڵات لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا، بەڵام بەگشتی مەبەست لە پیاوسالاری ئەو شێوە ڕوانگەیەیە کە پێیوایە پیاو ڕێگەی پێدراوە هەموو دەســـەڵاتێکی بە ســـەر ژندا هەبێت و بڕیاری بەســـەردا بدات، ژنیش تەنیا دەبێت ملکەچی فەرمانەکانی پیاو بێت، بەهۆی بیرتەسکیی پیاوســـالارییەوە لە هەموو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا تا ئەم ســـاتەش ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، هەر بۆیە لە زۆر کۆمەڵگەدا ژنان لە دژی ئەو نایەکســـانی و لاســـەنگییە دەستیان بە خەبات کردووە».

**لە زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتدا مافەکانی ئافرەت بە هەڵواسراوی ماونەتەوە**

تریفە نموونەی بەوە هێناوە کە دوای شۆڕشـــی گەورەی فەرەنسی کە ئافرەتانیش ڕۆڵیکی ســـەرەکییان تێیدا بینی، بزووتنەوەی فێمینیستی ســـەری هەڵدا بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی ســـەرهەڵدانی نایەکسانی جیندەری بە درێژایی مێژوو، هەروەها ڕێکارەکانی چارەسەری هەوڵی جۆراوجۆر درا. گوتیشی: «ویست و ئامانجەکانی ژنان لە پێکهێنانی بزووتنـــەوەی ژنان بە درێژایی خەبات لە قۆناغەکانی یەکەمیدا بریتی بوون لە مافی دەنگدان و مافی یەکســـانی لـــە وەرگرتنی میرات و مافی کارکردن و سەربەخۆیی ئابووری، هەروەها هاوتاکردنی مووچەی ژن و پیاو لەســـەر کار، کە دەرفەتی کاریان یەکســـان و مووچەشـــیان یەکســـان بێت، کە ژنان لەم مافانە بێ بەش بـــوون. ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا توانییان ئەم مافانە بەدەست بهێنن، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتدا ئەو مافانە بە هەڵواسراوی ماونەتەوەو بەدی نەهاتوون».

تریفە عەزیز لە درێـــژەی رادەربڕینەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە «لە هەرێمی کوردستانیشـــدا کەســـە چالاك و کاراکانی بواری مەدەنی و گروپە یەکســـانیخوازەکان لەسەر کێشـــەکانی ئافرەتان لێدوانی جددی و چالاکـــی جۆراوجۆریان هەیە کە هەمـــان بەردەوامییە بۆ هێنانەدی ئەو مافە ســـەرەتاییانەی ئافرەتان، گوتیشـــی: «بۆ ئەوەی خەون و ڕۆئیای کۆمەڵگەیەك بناســـین، دەبێت بزانین تیولۆجی، ئەنتۆلۆجی، سۆســـیۆلۆجی و ســـایکۆلۆجی لەو کۆمەڵگەیەدا چ ڕۆڵێکی هەیە، هـــەر کات توانیمان ئەم ڕۆڵانە لەبەرامبەر یەکدا دابنێین و کاریگەریان لەســـەر تاك ببینین، ئەوســـا تێدەگەین ئەو کۆمەڵگەیە مەدەنییە، یان کۆنســـەرڤاتە، یان مۆلتی کەلتوورە، نەك تەنیـــا جۆرێك پێگە بە ژن دراوبێ کە گونجاو بێ لەگەڵ نۆرمی کۆمەڵگەی پیاوســـالاری کە هەموو بڕیارەکان لـــە بەرژەوەندیی پیاو و لە دەســـت پیاواندایە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەقڵیەتی پیاوســـالاری و دیکتاتۆری رەوشی کومەڵگە بەرەو خاڵی سفر دەباتەوە».



ئامینە زکری:

**لەو کۆمەڵگەیانەی کە جیاوازی ڕەگەزیان هەیە، توانا و لێهاتوویی نیوەی کۆمەڵگە وەلانراوە، بۆیە ئەقڵیەتی تۆتالیتاریش دروست دەبێت**

زانا تۆفیق بابان:

**هەر کۆمەڵگەیەک ئەگەر بیەوێت سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری بۆ نەوەی نوێ دروستبکات، دەبێت جیاوازییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو لە گشت کایەکانی کۆمەڵدا بسڕێتەوە**

تریفە عەزیز:

**کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی سیستەمێکی کەلتووری ستەمکاری هەیە وای کردووە ژنان چەوساوە بن**